# ژیان لە نێو حوجرە تەسکەکانی دەقدا

سەردار عەزیز

یەکێک لە گەورەترین قەیرانەکانی کۆمەڵگای ئێمە قەیرانی ئاین و سێکیولاریزمە. ئەمە زیاتر بە مانای عەقڵی ئاینی و عەقڵی سێکیولاریزم. سێکیولاریزم یان عەلمانیەت، بەشێکە لە پرۆسەیەکی گەورە کە پێی دەڵێن مۆدێرنە. مۆدێرنە پرۆسەی بە چەقکردنی مرۆڤە. مرۆڤ لە بری ئەوەی پیادەی سیستەمەکان بکات، لە هەوڵداندا بێت چۆن ژیانی بەپێی دەقەکان ببات بەڕێوە، زیاتر مشوری ئەوە ئەخوات چۆن ژیان دابێنێ. مۆدێرن بوونی کۆمەڵگا تەنها یەک شت نیە. کۆمەڵگای عەلمانی بێ مۆدرێن کردنی کۆمەڵگا بوونی نیە. کۆمەڵگای دیموکراسی بێ مۆدێرنە بوونی نیە، هەروەها کۆمەڵگای ئازاد و کۆمەڵگای ماف و کۆمەڵگای عەقڵ.

کاتێک مرۆڤ دەبێتە چەق. کەواتە خۆی دەبێتە خاوەن و بەرپرسیاری خۆی. کە مرۆڤ بوو بە خاوەن و بەرپرسیاری خۆی ئەوا لە سەریەتی مشوری خۆی بخوات، کێشەکانی خۆی چارەسەرکات، بیر لەهەموو شتێک بکاتەوە لە روانگەی خۆیەوە. بۆئەوەی بتوانێ بەم کارانە هەستێ دەبێ عەقڵی بخاتە گەر بۆیە عەقڵانیەت کرۆکی مۆدێرنەیە. کە مرۆڤ عەقڵی وەگەرخست ئەوا دەبێت ئازادیەک هەبێت بۆئەوە بەرئەنجامەکانی عەقڵی تیایا بێتە بوون. پەیوەندی نێوان ئازادی و عەقڵ پەیوەندیەکی تەواوکاریە. بەو مانایە بەبێ ئازادی عەقڵ دەرفەتی پێنادرێ کاربکات، بەبێ سەربەخۆیی عەقلیش ئازادی بوونی نیە. بەڵام تەنها کاتێک تاک ئەتوانێت ئازادبێت کە هیچ دەسەڵاتێکی رەها بە سەریەوە نەبێت. دەسەڵاتی رەها یان دەسەڵاتی پیرۆزە یان دەسەڵاتی دیکتاتۆری. بۆیە عەلمانیەت لە پێناسەی ئەمرۆیدا تەنها بریتی نیە لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵات بەڵکو بریتیە لە جیاکردنەوەی پیرۆزی و رەهایی لە دەسەڵات چونکە هەردوو ئەو دوانە دەبنە هۆی وەستانی دەسەڵات و لە دەرئەنجامدا دەسەڵات لەبری ئەوەی کراوەبێت بۆ بیری نوێ دید نوێ ناچاردەبێت لە سەنگەری بەرگریدابێت.

کەواتە جیاوازی گەورەی نێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی عەلمانی بریتیە لە ئەوەی کە لای دەسەڵاتی ئاینی دەقێک هەیە وەک چەق وە لای دەسەڵاتی عەلمانی مرۆڤێک هەیە وەک چەق.

ئەم خاسیەتە سەرەکیە یارمەتیمان ئەدات لە زۆر رەهەندی جیاوازی ئەم دوو شێوازە دەسەڵاتە و کاریگەریان لە سەر تاکەکان بۆ روون بێتەوە.

دەسەڵاتی چەق گرتوو یان سەرچاوە گرتوو لە دەقەوە دەسەڵاتێکە کە خاوەن راستیە. راستی ئاڵۆزترین چەمکی فەلسەفیە لە مێژووی مرۆڤدا. ئاین کە خاوەنی کتێبێکی خودایانەیە، کەواتە خاوەن کتێبێکی راستیە. دیارە ئەمە کێشە نیە. بەڵام کێشە لەویدا دێتە کایەوە کە ئەم دەقە لەلایەن مرۆڤەوە دەکرێتە سەرچاوە. کەواتە کێشەی عەلمانیەت دەربارەی راستی و ناراستی ئاین نیە، بەڵکو کێشە لە چەمکی راستیدایە. چونکە چەمکی راستی یانی کۆتایی. یانی ئەوپەری، یانی پێویست نەبوونی داهێنان، پێویست نەبوونی بیرکردنەوە، دژایەتیکردنی هەموو گۆرانێک، هەموو نوێبوونەوەیەک. بۆیە فیکری عەلمانی دژ بە فیکری راستیە، کێشە نیە ئایا ئەو راستیە، ئاینیە، یان نا ئاینی.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێناسەیەکی جودا دراوە بە عەلمانیەت. بۆ نموونە کەسێکی کۆمیونیست خۆی بە عەلمانی ئەزانێ، کەچی بە رای من کەسێکی کۆمۆنیست نەک کەسێکی عەلمانی نیە بەڵکو لە راستیا کەسێکە تا سەر ئێسقان ئاینیە. ئاینی بەو مانایە بروای بە یەک شێواز لە راستی هەیە و ئامادەیە لە پێناویا خوێنی کەسێکی تر برێژێ.

کەواتە لە هەناوی بیری دژە ئاینی کۆمۆنیستدا پرنسیپێکی ئاینیانە هەیە. ئەویش بریتیە لە بروای ئەوەی کەوا دەتوانرێت لە رێگای پیادەکردنی سیستەمێکی تایبەتەوە ژیانی هەموان باش بکرێت. ئێستا کە دەنوسم کاتژمێر دەی شەوە. نیوسەعات لەمەوپێش لە کۆرێکی جۆن گرەی هاتمەوە لە زانکۆ کە دەربارەی ئەفسانەی سێکیولاریزم بوو. من خۆم لەو روانگەوە بیرم لەوە ئەکردەوە بابەتێک دژ بە پروپاگەندەکانی عەلی باپیر بنوسم، کە ئێستا لە ئاوێنەدا درێژەی پێئەدا، بەڵام ئیتر رێککەوت ئەم کورەشی بەسەراهات. گرەی کە بۆ ساڵانێکی زۆر مامۆستای فەلسەفەی

سیاسی بوو لە لەندەن سکول ئۆف ئیکۆنۆمیک. هەروەها خاوەنی چواردە کتێبە یەکێکیان لە ژێرناوی القاعیدە ڕێکخراوێکی سەر بە مۆدێرنە. من لێرەدا ئەوەندە قسە لەسەر جۆن گرەی ناکەم، هەڵیئەگرم بۆ دەرفەتێ تر. بە تایبەت کۆرەکەی ئەو ئەمشەو دەربارەی ڕەگەزی نری ئاینی بوو لای عەلمانیەکان بەتایبەت پارێزەرە نوێکان. ئەوەی جێی سەرنج بوو کە گرەی قسەی لە سەر ڕەگی فیکری دەستەمۆکردنی خراپە یان شەیتان کرد لای زەردەشتیەکان. ئەوەی ڕاستی بێت من ئەوەندە شارەزاییم لەو بارەوە نیە. بۆیە هەرکەی دەرفەتم هەبوو دەبێ سەرێ لە حەزرەتی زەردەشت بدەم.

بابگەڕێنەوە سەر قەیرانی ئاین و عەلمانیەت. ئەو چەمکەی کە ئاین کورتدەکاتەوە باوەرە. بە مانایەکی تر، کۆڵەکەی سەرەکی ئاین باوەرە. ئەی لە بەرامبەردا کۆڵەکەی پشتی عەلمانیەت چیە. دیارە دەبێ بۆ چەمکی دژ بە باوەر بگەڕێین. دیارە ئەم بیرکردنەوە فەلسەفیە لە هەناوی زمانی کوردیا توشی گرێ و قەیرانی زۆرمان ئەکات. ئەگەر باوەر ئاین بێت ئەوا بەپێی سیستەمی زمانی کوردی دەبێ عەلمانیەت بێباوەری بێت. بەڵام چەمکی بێباوەری چەمکێکی نادیارە. بێباوەری یانی نەبوونی پێویستی بە بوونی باوەر، یان بە هەوڵدان بە گەشتنە باوەر، چونکە هەوڵدان بۆ گەشتنە باوەر کارێکی ئاینانە دەبێ.

ئەم قەیرانە لە زمانی کوردیا دێتە ئاراوە چونکە زمانێکە ئالودە نەبووە بە فەلسەفە. چەمکی باوەر لە هەناویا چەمکی خودای هەڵگرتوە. بۆیە چەمکی بێباوەری لە زمانی کوردیا یانی نەبوونی باوەر بەخودا. کە لە ڕاستیا ئەمە کێشەکە نیە. مرۆڤ دەتوانێ باوەرداربێت بە خودا، نوێژکەربێت، ئەهلی مزگەوت بێت و لە هەمانکاتدا عەلمانیش بێت.

کرۆکی یان کۆڵەکەی پشتی عەلمانیەت گومانە. بەڵام دیسانەوە چەمکی گومان لە زمانی کوردیا چەمکی ئاینیانەیە. کاتێک دەڵێم چەمکێکی ئاینیانە مەبەستم لەوەیە گومان دۆخێکی خواستراو نیە. ساتەوەختێک نیە کە تیایا بوەستین. ئەگەر بێتوو دەرفەت هەبێ لە ئەدەبیاتی کوردیا بەدوای مانای ئەم چەمکەدا بگەڕێیین، بە دڵنیاییەوە نازانم چیمان دەست ئەکەوێت، بەڵام ئەوەی لە زمانی پەیوەندیکردن قسەکردندا ئاشکرایە کە گومانکردن دۆخێکی نەویستراوە. ئێمە هەرکەی گومانمان هەبوو ئەوا دەبێ هەوڵبدەین دڵنیابین. گومان زۆر خراپە. دیارە گومان زۆر خراپە چونکە تەنها سیستەمی بیرکردنەوە کە عەقڵی ئێمەی پێجۆشکراوە ئاینە. لە ئاینداا گومان نەفرەت لێکراوە، مرۆڤی ئیماندار نابێ گوماندارببێت بەرامبەر هیچ شتێک. گومان دوژمنی ئاینە.

بەڵام گومان بە مانا فەلسەفیەکەی بە مانای ئەوە نیە کە دوو دڵ بیت لە هەموو شتێک. بەڵکو گومان بۆخوی سیستەمێکە. دیارە نەبوونی سیستەمی گومان لە فیکری ئێمەدا و دیکتاتۆریەتی فیکری ئاینی وەهایکردوە لە ئێمە کە ببینە گەلێکی سادە و ساویلکە و لە هەموان زیاتر خۆشباوەر، بەڵام با ئەوە لێگەڕێین، بۆ کاتێ تر. گومان یانی نا دڵنیای. نا دڵنیای یانی ئامادەبوون بۆ پرسکردن بە کەسێ تر، بۆ گوێگرتن لە ڕاو بۆچونێکی تر، بە هەڵسەنگاندی دیدێکی تر، بە لە بەرچاوگرتنی تێگەشتنێکی تر، بە قبولکردنی جیاواز. ئەمانە هەمویان پێکەوە یانی دیموکراسیەت، یانی بروابوون بەوەی کە کەسێک وەک خودی خۆی خاوەن دیدێکە، نە کەمی نە زیادی هەیە لە دیدی ئەوانی تر، بەڵام تەنها دیدێکە کە یەکسانە بە دیدی ئەوانی تر.

ئامادەبوونی ئەم پرۆسەی گومانە تەنها ڕێگایە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی. چونکە ئاین هەمیشە دەبێتە مایەی توندو تیژی. ئاین دەبێتە سەرچاوەی تودوتیژی یەکەم چونکە خۆی بە خاوەن ڕاستی ئەزانێت و وە ئەو ڕاستیە پیرۆزە دەبێ داکۆکی لێبکرێت و لە باشترین دۆخیشدا بە سەر خەڵکدا بسەپێنرێت، ئیتر ئایا بە دەست، بە چاو یان بەدەم. مەترسی دەقی ئاینی دەسەڵات لەوێدا سەر هەڵئەدات کە مرۆڤ دەبێتە پیادەکەری ئاین. بۆچی ئێمە ئەو هەموو حەدیسە ناڕاست و زەعیفەمان هەیە، کە ئەگەر بێتوو لێبکۆڵدرێتەوە ئەوا زۆربەی زۆریان مرۆڤ بێشەرمانە بەدەم پێغەمبەرەوە قسەی هەڵبەستوە بۆ مەیسەربوونی مەبەستی خۆی. من دڵنیام لە پشت زۆربەی حەدیسە زەعیفەکانەوە مەبەستی سیاسی هەبوون.

ئەوەی پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە؛ من مەبەستم لێرەدا ئەوەنیە کە گوایە ڕاستی بوونی نیە. فاروق ڕەفیق لە بەر لاوازی تێگەشتنی لە فەلسەفە بانگەشەی ئەوەی ئەکرد کە گوایە هەندێک دەڵێن ڕاستی نیە. ڕەنگە لێرەدا دەرفەت

نەبێت بۆ زۆر قسەکردن. بەڵام بەکورتی دیدی من بۆ راستی لە روانگەی کارل پۆپەرەوەیە. پۆپەر بروای وەهابوو، راستی هەیە بەڵام ئەستەمە ئێمە بە ئاسانی پیی بگەین. بۆیە هەمیشە دەبێ ئێمە باوەرەکانمان بە پرۆسەی فۆلسیفیکەیشنا بەرین. مەبەست لەمە ئەوەیە ئێمە نابێت هەرگیز بروا بکەین کە ئەوەی پییگەشتوین راستیە بەلکو ئەوەی لە ساتەوەختێکا پییگەشتویین ئەوە باشترین زانیاریە دەربارەی ئەو بابەتە لەو ساتەوەختەدا لە لایەن ئێمەوە. بەڵام بەهیچ جۆرێک دوا زانیاری نیە و دوا زانیاری نابێت.

بۆیە عەلمانیەت یانی رۆحێکی نائارام. رۆحێک کە هەمیشە تینوە، هەمیشە ریبوارە، هەمیشە گوێگرە، هەمیشە نەرم و نیانە. ئەوەی مایەی ئەفسوسە کەئەم دیدە ئەمرۆ لە هەموو دیدێکی تر لاوازترە. ئەمرۆ دیدێکی ئاینیانە باڵی بەسەر دونیادا گرتوە. دیدێک کە بروای وەهایە ئەگەر هاتوو کۆمەڵێک خەڵک بکوژرێن یان بگۆردرێن ئەوا دونیا باش دەبێت. ئەگەر ئیسلام باڵ بە سەر دونیادا بگرێت ئەوا دونیا باش دەبێت. ئەگەر دیموکراسیەت باڵ بەسەر دونیادا بگرێت ئەوا دونیا باش دەبێت. ئەگەر کورد لە تورکیا ببنە تورک ئەوا بەختەوەر دەبن، ئەوا ئێستا ئەردۆغان خەریکە پارتێکی ئیسلامیان بۆ ئەداتە دورین. ئەمانە جگە لە ئەفسانەیەکی ئاینی کە بەداخەوە بەشێکی زۆری فیری رۆشنگەریشە لە ئەوروپا هیچی تر نین.